## Kurdi-sorani

**سەیرستانی وەرزشی منداڵان**

**ڕۆژانی یەکشەمە کاتژمێر ١٧-١٩**
وەرزشەکانی سەیرستان خۆڕایین بۆ منداڵەکانی دانیشتووی تورکو کە تەمەنیان ١ تا ١٢ ساڵانە. سەیرستانەکان دەرفەتی فرەلایەنی پێشکەش دەکەن بۆ وەرزش و یاریکردن بۆ خێزان. چالاکیەکە چاودێریکراوە، ڕاوێژکراو نیە بۆیە دەبێت لەگەڵ منداڵەکان گەورەساڵێکی خۆیان هەبێت.

**خزمەتگەکان لە سەرتاسەری تورکو هەن. بەخێر بێت بۆ وەرزش!**

خزمەتگەکان، کاتەکانی کراوە و کاتە نائاساییەکان:
**turku.fi/ihmemaa**
زانیاریی زیاتر: تەلەفۆن 0505546219

(Facebook-tunnus) سەیرستانی وەرزشی منداڵان

**گرووپی وەرزشی گونجاو بۆ منداڵان و لاوان**

**هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨**
گرووپەکان بۆ ئەو منداڵ وگەنجانەن کە لە وەرزشدا پێویستیان بە یارمەتیی تایبەت هەیە و بۆ خۆیان بەدوای وەرزشێکی خۆشدا دەگەڕێن. هەر هەفتە چەندین گرووپی جیاوازی وەرزشی هەن کە دەتوانیت تێیدا هەست بە
خۆشیی سەرکەوتن و شایی وەرزش بکەیت. وەرە لەگەڵمان وەرزش یان دانس، یاری یان مەلە بکە!

زانیاریی زیاتر لەسەر
lasten soveltavan liikunnan ryhmät kausiesite <- **turku.fi/soveltavaliikunta**

**لەگەڵ کاتی خوێندن وەرزش بکە**

وەرزشی بنچینەیی و سەرگەرمیی خۆراوجۆر لەژوور و لەدەرەوە!
چالاکیە وەرزشیەکانی بەخۆڕایی ڕۆژانی خوێندن هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨ (جگە لە هەفتەکانی پشوودان) ڕێکدەخرێن. سەبارەت بە وەرزشەکانی خوێندنگەکەت رسیار لە بەرپرسی یانە یان مامۆستای منداڵەکەت بکە.

وەرزشەکان بەپێی خوێندنگەکان لێرەدا کۆکراونەتەوە:
**turku.fi/harrastelukkarit**

**MIHI**

**هەفتەکانی ٣٦-٤٩ و ٢-١٨ (جگە لە هەفتەی ٨).**
MIHI دەرفەتی وەرزشکردن بە لاوانی ١٢ تا ١٩ ساڵان ٤٠ نۆرەی وەرزش بەخۆڕایی لە تورکو پێشکەش دەکات. جۆرە وەرزشەکانی تاکەکەسی و تیمی بەفراوانی پێشکەشدەکرێن. جگە لە جۆرە وەرزشەکان دەتوانیت هەروەها سکەیتینگ لەسەر فەرشی سکەیتینگ و سکی لە ئیمپیڤارا بکەیت (پێداویستیەکان بەخۆڕایی). لاوان هەروەها دەرفەتیان هەیە نۆرەی نەرتۆپی پێ لە خوێندنگەکانی تورکو بۆ خۆیان بگرن. بۆ نۆرەی Mihi پێویست نیە بەپێشوەختی ناوت بنووسیت (تەنیا بیلارد یان یاریی لاسەر نەبێت).

زانیاریی زیاتر jorma.fisk@turku.fi یان تەلەفۆن 0505546250
بڕوانە: **mihi.fi**

**چالاکیە وەرزشیەکانی بەدواداگەڕانی خوێندنگەکان**

چەندین خوێندنگەی بنچینەیی تورکو چالاکیە وەرزشیەکانی بەدواداگەڕانیان هەیە. خزمەتەکە بۆ ئەو خوێندکارانەیە کە تا ئێستا وەرزشێکی خۆش بۆ خۆیان نەدۆزیوە. بەرپرسی وەرزشی خوێندنگەی خۆت یارمەتیت دەدات و ڕێنامیی دەدات بۆ پەیداکردنی وەرزشێکی بە دڵت.

زانیاریی زیاتر: **turku.fi/koulujen-etsiva-harrastustoiminta**

**پشووی خۆش لە نزیکت**

کیڤالۆما شتگەلێکی بێبەرامبەر و گشتگیر و خۆشی هەیە بۆ منداڵانی تەمەنی خوێندنی سەرەتایی لە پشووی خوێندن لە هاوین و پایز و زستاندا.
چالاکیەکە لە سەرتاسەری تورکو ڕێکدەخرێت.

زیاتر بخوێنەوە لەسەر **turku.fi/kivaloma یان لە** Facebook Kivaloma